# کۆلارە بەخوێنەکان

ئارام شێخ وەسانی

## ١

میران شەڕی کردووە.
قــوڕە، قوڕ. کەمێک بــاران باریوە. هەر بــەوەدا دیارە هاوینانیش، تۆز دەمانخنکێنێــت. ئینجــا کێ دەڵێ تــا هاوین لێــرە دەمێنین. حەزم لە قســەیە. دێمە پێش دەرگە، کەس لە دەرەوە نییــە. دەرگە دادەخەم. سەیری ئاودەســت دەکەم، گڵۆپی لــێ نییــە. تفێــک دەکەمــە نــاو ســیفۆنەکە. پیس بوو، نەشۆرابوو. دەرگە دانەدەخرا، دووجار بە توندی ڕامکێشــا. سەیری کیلۆنی دەرگەی دەرەوەم کرد، تێکچووبوو. لە بەر خۆمەوە گوتم: کەلاوەیە.
" ئــەو کەرباوکە، ئەو گــەوادە، لە برسانمردوو، قرچۆکی پیس..."
پێتان ســەیر نەبێــت، ئافرەتێکی بەتەمەنداچــووی، وەک مــن جنێو بــدات... ئیتر ناچــارم. خەڵک، کە خانوو بۆ کرێ درووست دەکات یان کوشتنی کرێچی؟
حەمام بلۆک بوو، منیش بەوە کافر

دەبم...
وەک هێلانەی مارمێلک وایە، ئینجا بەزمی ژن و مارمێلک...
دەمەوێت پشوویەک بدەم. شەکەتم و خەوم دێت. بیر لەوە دەکەمەوە، ماوەیەکی دیکە ئێرەش بگۆڕین. دەی ئەو هەموو خەفەتە هەڵناگیرێت. لەسەر پشت ڕاکشابووم، چاوم دەگێڕا...
دنیایەک کێشەم هەیە. سەیری سووچی لای چەپی دیواری ناو هۆڵەکەم دەکرد. مارمێلکەیەک توند خۆی بە تەلی ناو چیمەنتۆکەوە گرتبوو. ئەگەر بیستتان ژنێک زندەقی چووە، ئەوە بزانن یان مشک ترساندوویەتی، یان مارمێلکە. ئینجا وەرە بخەویت. هەڵسامەوە، هێز و وزەم دایە خۆم. دەموچاوی خۆم داپۆشی، هەندێ نایلۆنم هێنا لە دەستەکانم پێچا. چاویلکەی کچەکەم هێنا، تەواو خۆم داپۆشی، دارێکم هێنا و بە پەتێک لە گسکەکەم بەست، بۆ ئەوەی بە ئاسانی بگاتە شوێنی مارمێلکەکە. هەموو شتێ ئامادە کرا. زۆر بە هێواشی، بەرەو لای دیوار ڕۆیشتم... ویستم گسکەکە بسرەوێنم، بینم ڕۆیشت. چووە ناو کەلێنە بلۆکێک...
لەداخا بەهەموو هێزی خۆم، گسکەکەم لە دیواردا و دارەکەی دەستم شکا. دەستیشم ئازاری پێگەیشت. گەڕامەوە شوێنی خۆم، پاڵکەوتمەوە، بیرم لە ماڵی بێ پیاو دەکردەوە.
گوێم لە دەنگە دەنگێک بوو. " شەڕە شەڕ"
دیسان هەمان بەزم، ئاخر ڕۆڵە بۆ داناکاسێی، بۆ هێندە ئازارم دەدەیت. ڕۆژ و شەو ئامۆژگاریت دەکەم، ئێ بە هەزار قوڕبەسەریی، تاڵی و سوێری گەورەم کردووی. ئەم شەڕکردنەی تۆ نەبڕایەوە...
- دایکە لە کۆڵانی ئەمدیوە، بیهێنەرەوە؟
" بەپەلەپڕووزێ دەست دەداتە سەرپۆشەکەی و دەچێتە کۆڵانەکەی ئەمدیو. دەبینێت کوڕەکەی سەری شکاوە و خوێن بە لاچاویدا دێتە خوار، خەریکە دڵی بتەقێ، کە لە دوورەوە خوێن دەبینێت، خۆی لەبیر دەکات و ڕادەکات... هەر بیری دەچێت هەڕەتی گەنجیی تێپەڕاندووە، چاوی تاریک دەبن و ساتمەیەک دەبات و بەردەبێتەوە. هەڵدەستێتەوە و خۆی دەگەیەنێتە میران."

- ڕۆڵە چی بووە، بو وایان لێ کردی؟ کێ بوو؟
- دایکە منیش سەری ئەوم شکاند.
- کێ بوو؟
_ سەلیم
- سەلیمی ماڵی شەهید ئەحمەد؟
" بە چەناگەی وەڵامی دایەوە"
- ئــێ ڕۆڵە بۆ شــەڕتان کرد، بۆچی بەیەکەوە یــاری ناکەن. ئەوەتا سەرت شکاوە...
- قسەی بە باوکم گوت..
- چی گوت؟
- گوتی باوکت قەبری نییە؟
- چی دیکە؟
- کەس بە تۆ ناڵێت کوڕە شەهید...
- تۆ چیت گوت؟
- هیچ، منیش پاڵێکم پێیەوەنا و بەربووەوە ئیتر بووە شەڕمان...
" ورد دەیپشــکنێت، دەســت دەخاتە ناو قژی، ڕایدەکێشــێت، تورە دەبێت و ماڵ جێدەهێڵێت..."

# ٢

وەک هەردەم دەیڵێینەوە، "کەسمان نییە."
" زوو لە ماڵەوە فەڕشم دەچنی و بۆ کرێی خانوو لە بازاڕ دەمفرۆشتەوە."
بەڵێ قوڕە قوڕ. هەندێک جار تا دەگەمەوە ماڵەوە کێشی پێڵاوەکانم چوار ئەوەندەی خۆی زیاد دەبێت. مرۆڤ بێزار دەبێت لە ئارامگرتنی خۆی.
کاتژمێر پێنجی ئێوارەیە و هێشتا نەهاتووەتەوە. دڵم توندە و چاوم لە دەرگە بڕیوە. چاوەڕێی کوڕەکەم بووم، کچەکەشم هێشتا لە قوتابخانە نەهاتووەتەوە. شتەکان دووبارەن، دەبێ خەمی ژەمی ئێوارە و هاتنەوەی منداڵەکانم بێت. تاقەتم نییە، با خۆیان شتێک ئامادە بکەن و بیخۆن. ماندووم، ماندوو...
هاتمە ژوورەوە. دەرگەی دەرەوەم بە کراوەی جێهێشت. چوومە ژووری خەوتن. خۆشم نازانم چی دەکەم. زۆرجار دەچمە ژوورەکان و لەناو ماڵ دەسوڕێمەوە، وەک ئەوەی ئیشێکم هەبێت. نا، هیچ ئیشێکم نییە. دەنگێک هات...
ڕووم وەرگێڕا و ترسام. چییە کچم چی بووە، ئەوە کتێبەکانت بۆ ئاوا فڕێدا؟
" دایکە، تاقەتی هیچم نییە، من ناڕۆمەوە قوتابخانە."
" ئینجا، کە ناڕۆیتەوە قوتابخانە، کتێبەکانت بۆ ئاوا فڕێ دەدەیت؟"
" کتێب بۆ ئەوە باشە فڕێ بدرێت."
"بەمجۆرە قسەم لەگەڵ مەکە."
دوای کەوتم. خۆشم دەوێت. دڵی زۆر ڕەنجاوە، نامەوێت زیاتر ئازار بچێژێت. قردێلە سوورەکەی لێکەوت. هەڵمگرتەوە و لە قژی خۆمم بەست. ویستم سەرەتا ئارامی بکەمەوە. پێم گوت: ئەو قردێلە لە منیش جوانە ها؟
سەیری نەکردم. دووبارەم کردەوە. لە پڕمەی گریانیدا. هەڵسا هاتەوە ناو هۆڵ. دوای کەوتمەوە. جلی قوتابخانەی لە ناو هۆڵ فڕێدا و

گەڕایەوە ژووری نووستن. هیچ قسەم نەکرد و لەبەرانبەری وەستام. سەیرم کرد و گوتم: دەزانیت کێ لەبەرانبەرت وەستاوە؟
گوتی: بەڵێ.
هەڵسایەوە و چووە ناو هۆڵ و جلەکانی کۆکردەوە و فرمێسکەکانی سڕی.
دوای کەوتم...
"چی بووە؟"
"نازانم، حەزم لە مردنە."
"قسەی گەورە گەورەم بۆ مەکە، چی بووە، لە تاقیکردنەوە دەرنەچوویت؟"
"نا" لە شتێکی دیکە دەرناچم، نەک لە تاقیکردنەوە.
"ئەی چی؟"
"دایکە، تۆیش باش هەمووشتێ دەزانیت، چونکە ڕاستیم گوت، قوتابیان و مامۆستایش سوکایەتیان پێکردم. من ناڕۆمەوە قوتابخانە. هەموو خەتای تۆیە، بۆ پێم ناڵێت باوکمان ماوە یان نا."
- ڕاستیی چیت گوت؟
- هیچ، دایکە خۆم تاقەتی ئەو زنجیرە پرسیارە پۆلیسیەی تۆم نییە...
"چی بووە؟"
وەڵامی نەدامەوە، بەڵام تێگەیشتم شتێک ڕوویداوە. جێمهێشت. مشکێکم بینی. دەستم برد بۆ گسکەکە، هەڵات بۆ ژێر کانتۆرەکە، بە گسکەکە ویستم لە ژێر کانتۆرەکە دەریپەڕێنم. سوودی نەبوو. هاتمەوە ناندین. ویستم قاپەکان بشۆم. ئاومان نەمابوو. ئەمە خانوو نییە، کەلاوەیە. نییە، خانوی کرێ هەمووی بێئاوە. گەڕامەوە ژووری خەوتن. بینیم بەسەر دەمدا کەوتووە و فنکەفنکیەتی...
گوتم: "چی بووە، ئێ زانیمان قسەیان بە باوکت گوتووە؟"
"کەس ناتوانێ قسە بە باوکم بڵێ."
"ئەی قسەیان بەخۆت گوتووە؟"
"نا"

"ئەی قسەیان بە هەردووکتان گوتووە؟"
"بەڵێ."
تــۆ بــۆ هێندە گرینگی بەقســەی خەڵک دەدەیت، خــۆ ئەم خەڵکە ناتوانێت قسە نەکات.
"بابەتەکە ئەوە نییە."
دەپێــم بڵێ چی بووە، هێندە ئازارم مەدە، خۆت گەورەیت و هەموو شتەکان دەزانیت...
"دایکە، هەندێ شت هەیە، مرۆڤ قوفڵ دەدات."
"وەک چی؟"
"وەک چیرۆکــی باوکــم، لەبارەی ئــەو پیاوە نەدەتوانــم درۆ بکەم، نەدەتوانم ڕاستی بڵێم، نە دەتوام بڵێم نازانم!"
"ڕوونتر قسە بکە، تۆ باسی چی دەکەیت؟"
" بابەتی فۆڕمی زانیاریی."
"ئێ دواتر"
" ســاڵانە من لە وەڵامدانــەوەی زانیارییەکانی ئەو فۆڕمە دەترســم. هەمــوو قوتابیــان و مامۆســتایان بــە وەڵامەکانــم پێدەکەنن. ئاخر وادەزانن گەمژە و حۆلم!"
"نا، هێندەیش نیگەران مەبە، دەزانیت من بەدیار ئێوەوە دانیشتووم، هەولم داوە زۆر هەست بە بێ باوکی نەکەن."
" دایکە گیان، هەرگیز کەس جێگەی باوکی پێ پڕنابێتەوە."
لێی نزیک بوومەوە، گوتم: هەموو شتەکان تێدەپەڕن، نیگەران مەبە، ئەوە من لێت نزیکم، ئەوە من لەگەڵتم...
"نارۆمەوە قوتابخانە، بەسە بێزاربووم."
"هێشتا نەمزانی چی بووە!"
"گوتی: باوکت ماوە یان مردووە؟"
گوتم:"نازانم!"